# پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- سێ ڕۆژ وشەوەکانی دانا بۆ کەسی موسافیر -ڕێبوار-، ورۆژ وشەوێک بۆ کەسی نیشتەجێبوو

له شورەیحی کوڕی هانیئەوه دەڵێت: هاتم بۆ لای عائیشەوە بۆئەوەی پرسیاری لێبکەم سەبارەت بە مەسحکردن لەسەر خوفەکان*، (عائیشە) ووتی: باشترە بچیت بۆ لای عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب، پرسیاری لێبکە چونکە ئەو سەفەری دەکرد لەگەڵ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-، ئێمەیش پرسیارمان لێیکرد، (عەلی) ووتی: «پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- سێ ڕۆژ وشەوەکانی دانا بۆ کەسی موسافیر -ڕێبوار- ، ورۆژ وشەوێک بۆ کەسی نیشتەجێبوو». *(خوف: وەکو گۆرەوی وایە لە پێ دەکرێت؛ بەڵام لە پێست دروست دەکرێت)

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

شورەیحی کوڕی هانیئی حاریسی لە هاوەڵانی عەلی بوو -ڕەزای خوای لێبێت-، وهات بۆ لای ئیمامی عەلی -ڕەزای خوای لێبێت- بۆئەوەی فتوای بۆ بدات سەبارەت بە مەسحکردن لەسەر خوفەکان*، وئەم پرسیارکردنە لە پاش ئەوە بوو کە دایکمان عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- ناردی بۆئەوەی سەبارەت بە ئەم بابەتە پرسیار لە عەلی بکات، چونکە ئەو شارەزاترە لە سونەتی مەسحکردن بەسەر خوف وگۆرەوییەکاندا**، دەڵێت: (پرسیارمان لێیکرد سەبارەت بە مەسحکردن): واتا: سەبارەت بە ماوەکەی، ومەسحکردن بریتیە لە هێنانی دەستی تەڕ بەسەر ئەندامەکەدا. عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب -ڕەزای خوای لێبێت- بەو شێوەیە وەڵامی دایەوە: (سێ ڕۆژ وشەوەکانی دانا بۆ کەسی موسافیر -ڕێبوار-، ورۆژ وشەوێک بۆ کەسی نیشتەجێبوو): ئەم بەڵگەیە وەکو ڕای زۆربەی زانایانە -جمهورە- سەبارەت بە دیاریکردنی ماوەی سێ ڕۆژ -72 کاتژمێر- بۆ کەسێک موسافیر -ڕێبوار- بێت، ورۆژێک -24 کاتژمێر- بۆ کەسێک نیشتەجێ بێت، ماوەکەی زیاد کرد بۆ کەسی موسافیر -ڕێبوار-؛ چونکە شایستەترە بە ڕوخسەت پێدان زیاتر لە کەسێک نیشتەجێ بێت، چونکە کەسێک موسافیر بێت تووشی ناڕەحەتی زیاتر دەبێت. *(خوف: وەکو گۆرەوی وایە لە پێ دەکرێت؛ بەڵام لە پێست دروست دەکرێت، وەکو نەعل وایە بەڵام قاپەڕەقەکان دادەپۆشێت)، **(گۆرەوی: هەرشتێکە کە پێ وگوێزنگەکان -قاپەڕەقەکان- دابپۆشێت ئەگەر لە موو یان خوری دروستکرا بێت، تەنک یان ئەستوور (بێت، بەهۆی سەرما وبۆ داپۆشینی پێیەکان لە نێو پێڵاودا لە پێ دەکرێت وهەمان حوکمی خوفی هەیە

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10406

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee